گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەجێهێنان و شێوازەکانی تەکنیک و مۆرکی ژەنینی ئامێری عود لەنێو موزیکی عێراقیدا

**هەردی عوسمان عەلی**
بەشی موزیک کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Hardy.ali@su.edu.krd

**پ.ی.د ئامانج غازی شاکر ئاغا**
بەشی موزیک کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Amanj.shaker@se.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٦
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
بەجێهێنان
شێوازەکانی تەکنیک
مۆرکی ژەنین
ئامێری عود
موزیکی عێراقی

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.18

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە " بەجێهێنان شێوازەکانی تەکنیک و مۆرکی ژەنینی ئامێری عود لەنێو موزیکی عێراقیدا " ئامانجێتی بەشێوەیەکی زانستیانە گشت لایەنە هونەریە شاراوەکانی تایبەت بە ئامێری عود دیاربخات. بۆ ئەو مەبەستەش تیشکی خستۆتە سەر لایەنەکانی مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغە گرنگەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئامێرەکە و شێوازەکانی لەنێو شارستانیەتە جیاوازەکاندا، بەپێی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی مێژوو. هەروەها باسی خاسیەت و ڕۆڵ و پێگەو تایبەتمەندیە هونەریەکانی ئەم ئامێرە لەنێو کلتورو شارستانیەتە جۆراو جۆرەکانی موزیکی ڕۆژهەلاتیدا دەکات. هەروەها تیشک دەخاتە سەر شێوازی ژەنین وتایبەتمەندی و مۆرکی ژەنینی ژەنیارەکانی قوتابخانە جیاوازەکانی عود و ئەو گۆڕانکاریە گرنگانە کە لە سەدەی بیست لەسەر دەستی گەورە ژەنیارانی عود لەوانە شەریف موحیەین حەیدەر و قوتابیەکانی لە شێوازی تەکنیک و بەجێهێنانی ئامێری عوددا کردیان باس دەکات. هەروەها باسی تایبەتمەندی بەجێهێنان و ڕۆڵ و گرنگی ئەم ئامێرە دەکات لە نێو دیرۆکی موزیکی کوردیدا. سەرەتا بە مێژوو و خاسیەت و گرنگی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆڵی ئامێرەکە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا دەست پێدەکات و دواتر دەچێتە سەر تەکنیکە پێشکەوتووەکانی ژەنین و شێواز و ستایلە جیاوازەکانی ژەنینی تایبەت بە ئامێرەکە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕوانگەیەکی گشتگیر سەبارەت بە تایبەتمەندیەکانی شێوازەکانی بەجێهێنانی عود، چ لە ڕووی تەکنیکی و چ لە ڕووی لایەنی دەربڕین و ژەنینەوە بخاتە ڕوو. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵی ئەوە دەدات ڕۆڵی ئەم ئامێرە بکاتە پردێک لە نێوان ڕەسەنێتی کەلەپوری و هاوچەرخێتی هونەری، بەجۆرێک توانای هاوسەنگکردنی لەگەڵ پێشکەوتنە موزیکیە هاوچەرخەکاندا هەبێت و لە هەمان کاتدا ڕەسەنێتییەکەی بپارێزێت

## ١ پێشەکی

عود یەکێکە لە دیارترین و گرنگترین ئامێرە ژێدارەکان کە مێژوویەکی دێرینی لەدیرۆکی شارستانیەتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، ئەم ئامێرە موزیکیە بە یەکێک لە کۆنترین ئامێرە ژێدارەکان دادەنرێت، کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیای کۆن وەک سۆمەری و ئەکەدی و بابلی دەگەڕێتەوە. ئەم ئامێرە بەپێی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی مێژوو شێوە و قەبارە و تەکنیکەکانی پەرەی سەندووە تا گەیشتۆتە ئەو قەبارەو فۆرمەی ئەمڕۆ دەیبینین. ئەم ئامێرە کە مل (فینگەر بۆرد)ەکەی لە ١٩ بۆ ٢١ سم تێپەرناکات، توانیوێتی چەندین ستایل و مۆرک و فۆڕمی موزیکی جۆراوجۆر لەم فەزا تەسکەی دەنگدا نمایش بکات، کە هەموو هەستەکانی مرۆڤ و ئەوەی دەتوانێت لە کاریگەرییەکانی سروشت و کەسانی دیکە وەریدەگرێت دەریببڕێت. عود لە ڕابردوو وئێستاشدا لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا تۆکمەترین ئامێرە، بە تایبەت کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ژەنین و چنینی فۆڕمە موزیکیە ڕۆژهەڵاتیەکاندا. کە ئەمەش وای کردووە هەڵگری ناسنامەی ئەو فۆڕمە موزیکیانە بێت و موزیسیانان توانیویانە مۆرک وپەنجەمۆری داهێنەرانەی هونەری گرنگییان لەسەر پەرەپێدانی موزیکی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی ئامێری عودەوە بەجێبهێڵن. کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەشەسەندنێکی گرنگە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا، چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم ئامێرە دواتر ڕۆڵی گرنگی لە دەرکەوتنی ئامێری عود وەکو ئامێرێکی (ڤیرتیۆز) هەبوو کاتێک کە ڕۆڵی ئامێرەکە لە هاوشانی کردنی گۆرانیبێژانەوە بوو بە ئامێرێکی تاکژەن (solo) ی سەربەخۆ کە ببێتە هەوێنی بەجێهێنانی موزیکێکی ڕووتەڵەک (abstract) و ئامێری سەربەخۆ کە ژەنیاران بتوانن موزیکێکی ڕۆحی بەجێبهێنن و لە ڕێگای ئەم ئامێرەوە (meditation) تێڕامان بکەن تاکو بتوانێت بەتەنها خۆی گوزارشت لە خۆی بکات. تەکنیکەکانی ژەنینی عود و شێوازی بەجێهێنانی ئەم ئامێرە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە، کە ئەمیش بە هەوڵ و کۆششی چەندین ژەنیاری لێهاتوو و بەتوانا کە ڕۆڵیان لە دروستکردن و بنیادنانی قوتابخانەی تایبەت بە ژەنینی ئامێری عود هەبووە ئەمەش لەژێر کاریگەری کلتورە جیاوازەکان و ئەزموونی گواستنەوەی زانستی موزیکیدابووە.

## ٢.چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١.٢کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕکراونەتەوە:

١- نەبوونی قوتابخانەیەکی تایبەت بە بەجێهێنان و مۆرک و شێوازەکانی تەکنیکی ژەنینی ئامێری عود لەنێو موزیکی عێراقیدا کە مۆرک و خاسیەت و تایبەتمەندیە هونەریەکانی گشت نەتەوەو کلتورە جیاوازەکانی عێراقی تێدا بەرجەستە بوبێت.

٢- کەم بەکار هێنانی تەکنیکە جیاجیایەکانی ژەنینی تایبەت بە ئامێرەکە لە کاتی بەجێهێنان(performance) دا لە لایەن ژەنیارە کوردەکانەوە بە بەراورد بە ژەنیارە عودەکانی نەتەوەکانی دیکە ی عێراق.

٣- ناڕوونی لە شێوازی ژەنین و ناساندنی مۆرکی عود ژەنینی عێراقی کە تایبەتمەندی گشت نەتەوەکانی تێدا بێت.

٤- کەمی دانراوە موزیکیەکانی ئامێری (instrumental)ی تایبەت بە ئامێری عود لەلایەن دانەرەکانی کورد بە بەراورد بە دانەر و ژەنیارەکانی عەرەب.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥- نەبوونی میتۆدێکی تەواو زانستی و تۆکمە بۆ ئامێری عود بە گشتی بە تایبەت لەناو موزیکی کوردیدا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەیە بۆ فێرخوازان و مامۆستایان و ژەنیاران لە گشت ئاستەکانی ژەنیندا.

٦- کەمی بەکارهێنانی (Dynamic) و (articulation) و (Ornament) ەکان لە دانراوو میتۆدەکانی تایبەت بە ئامێری عود لە عێراقدا.

لە ئاکامی خستنە ڕووی گرفت و کێشەکانی توێژینەوەکە توێژەر پێی وایە پرسیارگەلی بنەڕەتی بریتییە لە:- ئایا بە دیاریکردنی قۆناغە هونەرییە یەک لەدوای یەکەکانی پێشکەوتنی (بەجێهێنان و شێوازەکانی تەکنیک و مۆرکی ژەنینی ئامێری عود لە موزیکی عێراقیدا) دەبێتە هۆکاری دیاریکردنی بەراوردەکانی زانستیی نێوان ژەنیارانی کورد و عەرەب؟

## ٢.٢گرنگی توێژینەوەکە:

**ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو.**

١.توێژینەوەکە بابەتێکی زانستیە بۆ دۆزینەوەی شوناس و پەرەسەندنی موزیکی ئامێری و مۆرک وبەجێهێنان (performance) و تەکنیکی ڕاستەقینەی ئامێری عود .

٢.ناساندن و گرنگی دان بە تایبەتمەندیەکانی قوتابخانە ی عودی عێراقی بە گشتی و شێوازی عود ژەنینی کوردی بەتایبەتی.

٣.لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت سود لە تەکنیک و پێرفۆڕمانسە جیاوازەکانی ژەنیارەکانی قوتابخانەی عودی عێراقی تایبەت بە ژەنینی ئامێری عود وەربگیرێت لە بەرەوپێش بردنی بەجێهێنان (performance) و شێوازەکانی تەکنیک و مۆرکی عود ژەنینی کوردی.

٤.لەم توێژینەوەیەدا باس لە تەکنیکە جیاوازەکانی موزیک لە چوارچێوەی ئۆرنەمێنت و ئارتیکولەیشن و داینەمیکەکان (Ornament) و(articulation) و (Dynamic) کەوا گرنگن بۆ ئامێری عود و دەتوانرێت بەکار بهێنرێت لە نوسین و ژەنینی ئامێرەکەدا دەکرێت.

## ٣.٢ ئامانجی توێژینەوەکە

١. " بەجێهێنان شێوازەکانی تەکنیک و مۆرکی ژەنینی ئامێری عود لەنێو موزیکی عێڕاقیدا " سود لە تەکنیکە جیاوازەکانی ژەنین لە بەجێهێنان (performance)ی ئامێری عوددا وەردەگرێت بۆ ئەوەی مۆرکێکی ڕەسەنی کوردی فەراهەم بکات لەسەر بنەمای قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنی ئەم ئامێرە موزیکییە.

٢. تایبەتمەندیەکانی ژەنینی قوتابخانەی عودی عێراقی وەک بنەمایەک بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی بتوانرێت سود لە تایبەتمەندیاکانی شێوازی ژەنینی ژەنیارانی ئەو قوتابخانە وەربگرین و لە شێوازی عود ژەنینی کوردیدا بە مۆرکێکی ڕەسەن و کوردیانە ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

٣. گرنگی زۆر بە لایەنەکانی بەجێهێنان و مۆرک و شێوازەکانی تەکنیکی ژەنینی ئامێری عود لەنێو موزیکی عێڕاقیدا دەدات، بۆ ئەوەی بەراوردکارییەکانی زانستییی کە، ڕەنگدانەوەی تەکنیک و مۆرکی ژەنین لە نێوان ژەنیارانی کورد و عەرەبدا دیاری بکرێن.

## ٤.٢سنوری توێژینەوەکە

أ. **سنوری کاتی**:لە ساڵانی نێوان ١٩٤٥ تا ١٩٧٥

ب .**سنوری شـوێـن**: ژەنین و مۆرکی ئامێری عود لەنێو ژەنیارانی کورد وعەرەب (عێڕاق) ئەو ژەنیارانەی کەوا لە نێو موزیکەکانیان مۆرکی نەتەوەیی خۆیان بەکارهێناوە و هەندێ جاریش لە ژەنینی خۆیاندا مۆرکی نەتەوەکانی تر لەنێو موزیکەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

ت. **سنوری مرۆیی:** ئەو موزیسیانانە دەگرێتەوە کەوا کارە هونەریەکانی خۆیان بەشێوازیکی زانستی و فێرتیۆزانە تەرخان کردووە بۆ مۆرکی ژەنینی ئامێری عود.

ث. **سنوری بابەتی**: ئە و بابەتانە دەگرێتەوە کەوا بەجێهێنان و شێوازەکانی تەکنیکی ژەنینی تایبەت بە ئامێری عود بە ئاستێکی بەرزی هونەری و دەربڕینێکی زانستیانە بە مۆرکێکی ژەنینی عێڕاقی لەناویاندا ڕەنگی داوەتەوە.

## ٥.٢چەمك و زاراوەكانی توێژینەوەكە

**١.٥.٢ زاراوەی بەجێهێنان(performance):** لە ڕووی زاراوەوە سەرچاوەی ووشەی بەجێهێنان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی پازدەهەم ، لە سەرەتادا بە واتای بەدەستهێنان یان کۆتایی هێنان بە شتێک یاخود بابەتێک دەهات، کە لە دوو بڕگەی Perform و ance پێک دەهات. لە ساڵانی ١٥٩٠دا، بە واتای "شتێک کە بە ئەنجام گەیشتوە یان ئەنجام دراوە"دەهات. هەروەها لە ساڵانی شەسەدەکانیشدا ئاماژە بە کردەی بەجێهێنان دەکرا، بەتایبەتی لە شانۆنامەکاندا. تا ساڵی ١٧٠٩ ئەم زاراوەیە فراوانتر بوو بۆ وەسفکردنی کات بەسەربردنێکی گشتی(etymonline,2025a))

لەڕووی زمانەوانیشەوە ئەم زاراوەیە بۆ زۆر بواری جیا جیا بەکار دەهێنرێت وەک بوارەکانی زانستی و هونەر ی و ئەدەبی بەڵام بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان ئەم ووشەیە زیاتر و بەشێوەیەکی بەرچاوتر لە بواری هونەردا بەکار هاتووە. هەروەها لەڕووی فەلسەفیەوە ئەم ووشەیە بریتییە لە سەرقاڵکردنی بینەر یاخود بیسەر بە ئەنجامدانی کردارێکی وەک موزیک ژەنین، گۆرانی ووتن، سەماکردن، یاخود نواندن(collins,2025) .

(توێژەر)یش وەکو پێناسەیەکی ڕێکاری بۆ زاراوەی بەجێهێنان پێی وایە دەرئەنجامی گشت ئەزمون و ڕۆشنبیری کەسی بەجێهێنەرە کە لە بوارە تایبەتەکەی خۆیدا ئەزمونی کردووە و لەناو هەست و نەستیدا ڕەگی داکوتاوە و لە چوارچێوەی فۆڕمی کارێکدا بۆ بینەر و بیسەر بەجێی دەهێنێت، کە ئەمەش زیاتر لە بووارەکانی هونەردا بەرجەستە دەبێت.

زاراوەوە لە فۆڕمی لاتینی تەخنیکۆسی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە زیاتر پەیوەندیدار بووە بە هونەرلە tekhnē کە سەرەتا بە واتای لێهاتوویی لە کارکردندا هاتووەو بە تایبەتی لە ڕەخنەگرتن لە هونەر و موزیکدا بەکار دەهات(etymonline,2025b) . . هەروەها لە ڕووی زمانەوانیەوە لە فەرهەنگی (Oxford) دا بە م شێوەیە پێناسە ی تەکنیک کراوە کە شێوازێکە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو، بە تایبەت جێبەجێکردن یان نمایشکردنی کارێکی هونەری یان ڕێکارێکی زانستی. بەڵام لە ڕووی ڕێکاریەوە توێژەر بەم جۆرە سەیری دەکات کە لە هونەردا بەگشتی و لە هونەری موزیکیشدا بە تایبەتی تەکنیک ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە گەیشتن بە ئاکامەکان لە گشت بوارە کانی زانستی موزیک وەک (پێرفۆڕمانس یاخود موزیک دانان). کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێیدا کەسی موزیسیان لەڕێگای مامەڵەکردنێکی زانستیانە لەگەڵ شێوازەکانی تەکنیک لە کات و شوێنی گونجاودا بەپێی خواست و ویستی کارە هونەریەکە دەتوانێت شاکارێکی هونەری مەزن بخولقێنێت.

**٢.٥.٢ مۆرکی ژەنین:** "مۆرک" ئاماژە یە بۆ شێوازی یان جۆر و ستایلێکی موزیک ژەنین یان دانان لەلایەن موزیسیانێک یاخود گروپێکی موزیکی یان واژۆی جیاوازی موزیک ژەنێک. کە تێیدا شێوازی ناوازەی موزیکژەنێک لە ژەنینی ئامێرێکەکەیدا دەردەکەویت، کە ئەمەش لە بەکارهێنانی لایەنەکانی ڕیتم و هارمۆنی و مێلۆدی بەرجەستە دەبێت، کە نیشانەیان مۆر لەسەر موزیکەکەیان بەجێدەهێڵێت وکاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بیسەرو بینەر بەجێدەهێڵێت کەئەمەش ناسنامەو شوناس و ڕەسەنایەتی ڕەوت و ستایلێکی ژەنینی ژەنیارێک یان گروپ و نەتەوەیەک دیاری دەکات(Brown,2017) . هەروەها لە کتێبی مێژووی ئامێرەکانی موزیک (sachs) ساکس تێڕوانینێک دەدات لەمەڕ ئەوەی کە چۆن ئامێرە جیاوازەکانی موزیک لە ڕووی مێژوویی و کولتوورییەوە پەیوەستن بە شێوازە تایبەتەکانەوە، کە ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە دروست کردنی مۆرکی ژەنین و وواژۆی موزیک ژەنەکا(Sachs,1992:130) .
لەڕووی ڕێکاریشەوە توێژەر پێی وایە مۆرکی ژەنین شێواز و ڕێچکەیەکی تایبەتی ژەنینی ژەنیارێکە کەوا لەژەنینی موزیکەکانی خۆیدا جیای دەکاتەوە لەگەڵ ژەنیارانی دیکە. کە ئەمەش ئەزمونی چەندین ساڵەی ژەنیارەکانە و پێویستی بە پاشخانێکی قوڵی زانیاری و ئەزمونکردنی کەسی ژەنیار لە گشت بوارە زانستیەکانی تایبەت بە ژەنین بە پشت بەستن بە ڕۆشنبیریەکی ئەوتۆ لەمەڕ بابەتەکانی مێژوو و کەلەپوری موزیکی بە گشتی ئەو ستاییل و فۆڕمەی کە هەڵبژاردووە هەیە. هەربۆیەش دەتوانین بڵێین هەموو کەس بە ئاسانی نابنە خاوەن مۆرک و ستاییلێکی ژەنینی تایبەت بەخۆیان.

**٣.٥.٢ئامێری عود:** بەکۆنترین ئامێری موزیکی ژێدار دادەنرێت کە مرۆڤ بەکاری هێناوە، هەرچەندە بەپێی بەشێک لە سەرچاوەکان مێژوویەکی زۆر کۆنتری هەیە بەڵام بە گشتی مێژووی ئەم ئامێرە بۆ زیاتر لە پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە لە ناوچەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میزۆپۆتامیا(المشاري,٢٠٢٤:٨). لە ڕووی زاراوەوە لە زمانی عەرەبیدا عود بە واتای دار دێت. ئەم ئامێرە موزیکییە لە پێنج جوت ژێ و یەک ژێی تاک پێک دێت وە هەندێک جار عودی حەوت ژێ یشمان هەیە، مەودای دەنگی ئامێرەکە لە دوو ئۆکتاڤ و نیو تا چوار ئۆکتاڤە ئەمەش بەپێی ژمارەی ژێیەکانی دەگۆڕێت. هەروەها ئەم ئامێرە موزیکییە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا بایەخ و گرنگیەکی زۆری هەیە و لە زۆربەی کارە هونەریەکاندا بەکار دەهێنرێت چ وەکو تاکژەنی و چ وەکو ژەنینی بەکۆمەڵ(خیر,٢٠١٦:١٨)

**٤.٥.٢موزیکی عێراقی:** موزیکی عێراقی پێک دێت لە نەریتە میوزیکییە هەمەچەشنەکانی عێراق، لەوانەش ژانرەکانی فۆلکلۆری و کۆنباو، کە ئەمانەش میراتی کولتووری نەتەوەکانی جیاوازی عێراقن. موزیکی عێراقی بە بەکارهێنانی سیستەمی مەقام لەداڕشتنی میلۆدی و ڕێپێرتوارێکی دەوڵەمەندی ڕیتمەکان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیکی وەک (عود، سەنتور، جۆزە...) ناسراوە(multikulti.com,2025)

## ٣. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### ١.٣پێرفۆڕمەنس لە دیرۆکی موزیکی گەلاندا:

کۆنسێرتەکانی موزیکی کە تێیدا بەجێهێنانی موزیکی (Musical performance)[1] ئەنجام دەدرێت تەنها بۆ کات بەسەربردن نین بەڵکو جۆرێک لە دەربڕین و ئاسوودەکردن و ئازادکردنی هەستەکانە و هەروەها سرووش بە ڕۆحەکان دەبەخشن. ( نمایشی ڕاستەوخۆ بە درێژایی ژیان لە دەوروبەری مرۆڤ بونی هەبووە. لەو نێوەندەشدا نمایش یاخود بەجێهێنانی موزیکی بۆ ماوەی سەدان و هەزاران ساڵ هاودەم و دەستلەملانیی مرۆڤ بووە هەرچەندە هەندێک لە کۆنترین نمایشە تۆمارکراوەکان تەواو وەک نمایشە مۆدێرنەکان نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش

[1] Musical performance ، هەنگاوێکە لە پرۆسەی موزیکدا کە لەم ماوەیەدا بیرۆکە موزیکیەکان دەخرێنەڕوو و دەگوازرێنەوە بۆ گوێگر. کە تێیدا بەجێهێنەرەکان لایەنەکانی هەر موزیکێک دیاری دەکەن کە دەیژەنن. وەک تێمپۆ، ئۆرنرمێنت، داینامیک. هەروەها لە موزیکی ڕۆژئاوادا، زۆر جار وەک هونەرێکی لێکدانەوە سەیر دەکرێت.BRITANNICA 2025. music performance

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگیان بۆ نمایشە ڕاستەوخۆکان داکوتی تاوەکو گۆڕانکاریان بەسەردا بێت و پتر پێشبکەوێت (petronio,2020).

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بەجێهێنانی موزیکی (Music performance)[2] لە نێو کولتوورە جیاجیاکانی جیهاندا لە چەندین ڕووەوە جیاوازی ئەوتۆو بەرچاوی هەیە، کەهەریەکێکیان بەهۆی نەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینی و هونەرییە سەرنجڕاکێش و ناوازەکانەوە لە بۆتە دراوە. لێرەدا پرسیارگەل و تێڕوانینێکی گشتی دەخرێتە ڕوو سەبارەت بەوەی کە چۆن بەجێهێنانی موزیکی (Musical performance) لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو و لەناو کلتوورە جیاوازەکاندا پەرەی سەندووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟

### ١.١.٣بەجێهێنانی موزیک لە کلتوری شارستانیەتە جیاوازەکاندا

ڕەگی ئاوڕدانەوە لە گەشەی ژیانی شارستانیەتەکان و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بۆ میزۆپۆتامیای کۆن دەگەڕێتەوە کە چەندین شارستانیەت تێیدا سەریان هەڵداو بوون بە هەوێنی دروست بوونی ژیان و ژیاری کۆمەڵایەتی شار لەو نێوەندەشدا چەندین کلتورو ئایینی جیاواز دروستبوون، هونەر و موزیکیش وەک بەشیکی دانەبڕاو لەژیانی کلتوری و ئایینی خەلکی میزۆپۆتامیا توانی گەشەبکات و پێگەی خۆی بدۆزیتەوە. سەرەتاییترین شێوە ناسراوەکانی موزیک دەگەڕێتەوە بۆ میزۆپۆتامیا ی کۆن[3]، کەلانکەزای چەندین شارستانیەت و نەتەوە و

[3] میزۆپۆتامیای کۆن: ناوچەیەکی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیایە و دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات کە سوودی لە کەشوهەوا و جوگرافیای ناوچەکە وەرگرتووە بۆ ئەوەی میوانداری سەرەتای شارستانیەتی مرۆڤایەتی بکات. کە تییداچەندین داهێنانی گرنگ ڕوویداو توانیان جیهان بگۆڕن، لەوانە چەمکی کات، بیرکاری، چەرخ، هونەر، بەلەمی کەشتیوانی، نەخشە و نووسین. هەروەها میزۆپۆتامیا بە گۆڕانی یەک لە دوای یەک لە دەستە دەسەڵاتدارەکان لە ناوچە و شارە جیاوازەکانەوە پێناسە دەکرێت کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو HISTORY.COM. 2025b. *wher is a mesopotamia* [Online]. Available: https://www.history.com/articles/mesopotamia#Where-is-Mesopotamia [Accessed].

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایینی جیاواز بووە لەوانەش ڕێورەسمی پەرستگاکان کە تایبەت بوون بە خوداوەندەکانی وەک(enki) ئێنکی[4] و (estar)

عە شتار[5]. کەلەو ڕێورەسمە ئایینیانەشدا ئامێرەکانی وەکو (lear) لیر[6] و تەپڵ[7] بەکارهێنران و تۆمارە نووسراوەکانیش دەریدەخەن کە مۆسیقا لایەنێکی گرنگی ئایینەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتی خەڵکی میزۆپۆتامیا بووە(حەمەباقی,١٨٥:٢٠٠٩).

لەنێو شارستانیەتی میسڕی کۆنیش کە تاڕادەیەک لەڕووی ژیانی شارستانیەتەوە نزیک بووە لە کلتوری ژیانی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا موزیک تییدا لەناو هزرو بیروباوەڕی خەڵکیدا پێگەیەکی گرنگی هەبووە و بەپیرۆز سەیرکراوە و ئامێرە موزیکیەکانی وەک و عود و چەنگ[8] و

---

[4] ئێنکی:یەکێکە لە سێ خواوەندە سەرەکیەکەی سۆمەریەکان کە خوداوەندی حیکمەت و سیحر بوو.HISTORY.COM. 2025a. *Mesopotamian Gods* [Online]. [Accessed].

[5] عەشتار: لە ئایینیەکانی میزۆپۆتامیادا، خوداوەندی شەڕ و خۆشەویستیە. هەروەها بە ئەندامی ئەو چینە تایبەتەی خوداوەندەکانی میزۆپۆتامیا دادەنرێت کە پێی دەوترێت ئەنوناکییەکان.ibid.

[6] لیر:ئامێرێکی موزیکی ژێدارە کە لە شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا وەک سۆمەری و بابلی بە هەردو قەبارەی گەورەو بچوک بەکار هاتووە هەروەها لە میسرو یۆنانی کۆنیش بەهەمان شێوە بەکار هاتووە BRITANNICA 2025. music performance.

[7] لەشی ئامێرەکە لە (گڵێنە)یاخود (کانزا) یانیش دار دروست دەکرێت. پێستایکی تەنک لە دەمە گەورەکەی دەگیرێ و بە چەند جۆر و قەبارەی جیاواز بوونی هەیەتەپڵ: ئەم ئامێرە موزیکیە (دوملەک ودمبەڵەک و زەرب)یشی پێ دەڵێن ئەحمەد, و. ٢٠١٦. ئامێرەکانی موزیکی کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر, بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

[8] هارپ:چەپکە گوڵیشی پێدەگوترێت یەکێکە لە کۆنترین ئامێرە کانی ژێدار. لەسەرەتادا ئامێرێکی پیرۆز بوو کە ڕێگەی بە قەشە و قەشە ژنەکان دەدا پەیوەندی لەگەڵ خوداوەندەکاندا بکەن.لە گۆڕەکانی میزۆپۆتامیا بەڵگەی چەپکە گوڵ لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین هەیە

کەژمارەی ژێیەکانی لە نێوان ٥ بۆ ٧ ژێ بوو. بەڵام لە شارستانیەتی میسڕدا زیاتر بەربڵاوتربوو و زۆرجار لە کەرەستەی بەنرخ دروست دەکراو پێکهاتبوو لە ملێکی درێژی دار کە لکابوو بە سندوقێکی دەنگی و ژێیەکانی پیوە بەسترابووکە ژمارەییان بەپێی قەبارەی چەپکە گوڵەکە لە ٥ بۆ ٧ژێ دەگۆڕا. هەروەها ژمارەی ئەو چەپکە گوڵانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندین ئامێری موزیکی دیکەیان لە ڕیورەسم و بۆنە ئایینیە جۆراو جۆرەکاندا بەکار دەهینا.لە کلتوری میسری کۆندا هاوشێوەی میزۆپۆتامیا موزیک  بە قووڵی بە ڕێورەسمە ئاینییەکانەوە پەیوەست بووە ، بەڵگەی موزیکی پیرۆزیش هەبووە کە لە پەرستگاکاندا بەجێدەهینرا. کەتێیدا ئامێرەکانی وەکو ( (harp) چەنگ و (floute) فلوت[9] و زەرب ) بەکاردەهاتن لەو ڕێو ڕەسم و بۆنە ئایینیانەدا. وە ئاستی تێگەییشتن لە موزیک بە جۆرێک بووە کە زۆر جار وا بیردەکرایەوە موزیک  تایبەتمەندی چارەسەرکەری هەبێت و نمایشکاران کە زۆرجار پیاوانی ئایینی یان موزیکژەنی  پیشەگەر بوون، ڕێزێکی زۆریان لێدەگیر (petronio,2020) .

لە کلتوری وولاتی هیندستانیشدا بەجێهێنانی موزیک (musical performance) لەنێو موزیکی کلاسیکی هیندی ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، لەگەڵ نەریتی نمایشکردن بە هەردوو

که له میزۆپۆتامیا دۆزرایەوە به بەراورد به  بەوانەی که له گۆڕەکانی میسردا دۆزرانەوە، کەمتر بوو FROUVELLE, I. 2025. *The Evolution of the Harp Over Time* [Online]. Available: https://lelivreetlaharpe.com/en/the-history-of-the-harp/ [Accessed].

[9] فلوت:فلوتەکانی میسری بەیەکێک له کۆنترین ئامێره فوداره کانی تەختەیی دادەنرێت. فلوته کۆنەکان سێ چوار کونیان له کۆتایی ئامێرەکەدا هەبوو و دەیانتوانی دەنگێکی فراوان دروست بکەن بەپێی چۆنیەتی ژەنینی ئامێرەکە. له ئێستادا ئامێرەکه له رووی دیزاینەوە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتووه، هەروەها هێشتا له میسردا به شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت STAFF, E. T. 2024. *A Brief History of Musical Instruments in Ancient Egypt* [Online]. Available: https://www.egypttoday.com/Article/6/133778/A-Brief-History-of-Musical-Instruments-in-Ancient-Egypt [Accessed 29 Jul 2024].

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوازی هیندستانی (Carnatic) کارناتیک[10] و (Raga)ڕاگا[11] ئەم موزیکە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لەنێوان (پێکهاتەی مێلۆدی) و (پێکهاتەی ڕیتم) دروست دەکات کە لە بنەڕەتدا هەر لەسەر بنەمای ئەم دوانە دامەزراوە. دەقە سەرەتاییەکانی وەک (Natya Shastra )ناتیا شاسترا (نزیکەی ٢٠٠ پێش زایین تا ٢٠٠ زاینی)کە لە نووسینی (bharata muni) (بەهاراتا مونی)[12] گرنگی موزیک و سەما لە نمایشدا دەخاتە ڕوو. کە زۆرجار نمایشکردن ئەزموونێکی قووڵی ڕۆحییە لە نەریتە کلاسیکیەکاندا، هەروەها ئیمپرۆڤایزتێیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت .(MORTHY,1960:188-194)

یۆنانی کۆن (Greece): گریکەکان پێیان وابوو کەوا موزیک کاریگەری لەسەر دەروون وڕۆحی مرۆڤەکان هەیە، وە ئەوەی کە خێرو چاکە درووست دەکات موزیکە. فەیلەسوفەکانی گریکی

---

[10] کارناتیک: موزیکی باشووری هیندستان (بەگشتی باشووری شاری حەیدەراباد لە ویلایەتی ئەندرە پرادێش) کە لە نەریتە کۆنەکانی هیندۆسەکانەوە پەرەی سەندووە و تاڕادەیەک کاریگەری موزیکی عەرەبی و ئێرانی لەسەرە، بە پێچەوانەی ستایلەکانی باکووری هیندستانەوە، موزیکی کارناتیک زیاتر موزیکێکی ئامێریە.و. بنەما بنەڕەتییەکانی موزیکەکە ئیمپرۆڤایسەیشن و تالا (شێوەی ڕیتمیی خولگەیی) یە، هەروەها بە گشتی ئامێری کەمتر تێیدا بەکاردەهێنرێت بە بەراورد بە موزیکی باکووری هیندستان.BRITANNICA 2025. music performance.

[11] ڕاگا: لە سانسکریتدا، بە واتای "ڕەنگ" یان "سۆز"دێت لە موزیکی کلاسیکی هیندستان، بەنگلادیش و پاکستاندا، چوارچێوەیەکی مێلۆدییە بۆ ئیمپرۆڤیایزەیشن و ئاوازدانان. ڕاگا لەسەر بنەمای پێوەرێکە کە کۆمەڵە نۆتێکی دیاریکراوی تێدایەو بە ڕیزبەندییەکی تایبەت کە لە مێلۆدی و مۆتیڤەکاندا دەردەکەون. پێکهاتەو شێوەی میلۆدیەکانی موزیکی ڕاگا لە هەندێک حاڵەتدا لە بەرزبوونەوە و دابەزیندا جیاوازن .ibid

[12] بەهاراتا مونی: حەکیمێکی کۆن بووە کە مێژووی ناوبراو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠ پێش زایین تا ٢٠٠ زاینی دادەنرێت، کە بە تیۆری ناتیا شاسترا بەناوبانگە کە تێیدا بە شێوەیەکی نەریتی باسی موزیکی ناتیا شاسترادەکات. بەرهەمەکە مێژووی کۆنی هیندستان دەگرێتەوە، بە تایبەت شانۆی سانسکریت. هەروەها بەهاراتا بە باوکی فۆرمەکانی هونەری شانۆیی هیندستان دادەنرێت.جگە لەوەش ناتیا شاسترا وەک ئینسایکلۆپیدی کۆن لەسەر هونەر دادەنرێت، کە کاریگەری لەسەر سەما و موزیک و نەریتی ئەدەبی لە هیندستان هەبووە GHOSH, M. (ed.) 1951. *Natya Shastra*: Asiatic Society of Bengal, Calcutta.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەگشتی و بەتایبەتیش ئەفلاتوون و ئەرستۆ بە ووردی باسیان لە تایبەتمەندیەکانی موزیک و کاریگەریەکانی لەسەر هەستەکان کردووە(Cartwright,2009).

لە سەردەمی (Baroque) بارۆکیشدا (١٦٠٠-١٧٥٠): کە لوتکە بوو بۆ زۆرێک لە ئاوازدانەرەکان کە تا ئەمڕۆش باس دەکرێن. (John banister) بانیستەر لەساڵی ١٦٧٢دا لە ماڵەکەی خۆیدا زنجیرەیەک کۆنسێرتی ئەنجامدا. کە تێیدا ئامادەبووان دەرفەتیان پێدرا داوای موزیکی دڵخوازی خۆیان بکەن تاوەکو بانستەر بەشێوەی نمایشی ڕاستەوخۆ پێشکەشیان بکات بە مەرجێک لەبەرامبەردا بڕێک خەرجی بدەن. ئەمە بوو بە کلتور لەناو ژەنیاراندا و دوا بەدوای ئەولە ساڵی ١٦٧٨ ( Thomas Britton ) تۆماس بریتۆن دەست دەکات بە ئەنجامدانی کۆنسێرتەکانی هەفتانە لە کلێرکنوێڵ(petronio,2020) . هەروەها کۆمپۆزەر و ئۆرگژەنی بەناوبانگی ئەڵمانی یۆهان سێباستیان باخ دەستی کرد بە ژەنینی موزیکی خۆی لە کڵێساکان بەشێوەی بەجیهێنانی موزیکی ڕاستەوخۆ بەمەبەستی چێژ بەخشین بە کەسانی دەوروبەرو ( Antonio lucio vivaldi) ئەنتۆنیۆ لۆچیۆ ڤیڤاڵدی کە بە یەکیک لە گەورەترین کەمان ژەنەکانی سەردەمی بارۆک دادەنریت نزیکەی ٤٥٦ کۆنشیرتۆی بۆ ئامیری کەمان نوسیوە و کارەکانی لە وڵاتانی وەک ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو نەمسا وهۆڵەندا نمایش دەکران (بانەیی,٢٠٢٣:١٠١).

لە سەردەمی کلاسیکیشدا (١٧٥٠-١٨٢٠): کە بە سەردەمی سەرهەڵدانی فۆڕمی سیمفۆنیا و و موزیکی ئامێریی بەناوبانگەو، ئاوازدانەرانی وەک( joseph haydn) هایدن و ( wolfgang amadeus Mozart) مۆزارت و ( ludwig van beethoven) بتهۆڤن جێپەنجەیان دیار بوو لەو بوارەدا. هەروەها گرنگی زیاتر بە نماییشی بەجیهێنانە موزیکیەکان دەدرا چ لەلایەن کۆمپۆزەران و ژەنیارەکان چ لەلایەن ئامەدەبوان. لەوانەش ( wolfgang amadeus Mozart) مۆزارت لە هۆڵە گەورەکانی کۆنسیرتدا دەستی کرد بە ژەنینی موزیکەکانی کە ئەمەش لەلایەن خەڵکیەوە پێشوازیەکی گەورەی لێدەکرا (petronio,2020) .

بەڵام سەردەمی ڕۆمانتیکدا (١٨٢٠) (سەدەی نۆزدەهەم): بە سەردەمی سەرهەڵدانی موزیکی دەربڕین خوازی و دەربڕینە سۆزداریەکان دادەنرێت هەروەها تییدا فۆڕمە موزیکیەکانی ئامیری زیاتر گەشەکردنیان بەخۆیانەوە بینی و تەکنیکی ئامێرەکانی موزیکی و ژەنیارەکانیش لەڕوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەجیهینانی موزیکی (musical performance). کە لەلایەن ئۆرکێسترا گەورەکان لە (opera house) ماڵی ئۆپێرادا پێشکەش دەکرا زیاتر پێشکەوت (petronio,2020) .

**٢.٣ئامێری عود (مێژوو و ڕۆڵ و خاسیەتەکانی لەنێو موزیکی عێراقیدا):**

لە زمانی سۆمەریەکاندا لە بەرامبەر ووشەی عود (Pan tur) بەکارهاتووە کە دواتر پێی دەگوترا (pandura) واتە عودی مل درێژ ئەم ناوە کۆنە سۆمەریە (عودی مل درێژ) تا ئەمڕۆش لەلایەن جۆرجییەکانەوە بەکاردەهێنرێت(المشاري,٧،٨:٢٠٢٤). بەڵام ئەو مێژووەی کە زۆربەی سەرچاوەکان لەسەری کۆکن و پشتڕاستی دەکەنەوە ئەوەیە کە ئەم ئامێرە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٣٥٠-٢١٧٠ پێش زایین) سەردەمی ئەکەدیەکان کە لە شوێنەوارە کاندا دەردەکەون لەگەڵ کۆمەڵێک ئامێری موزیکی ژێداری تری وەک وچەنگ و زیتەر و چەپکە گوڵ. هەروەها ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە سەرەتا ئامێری عود خاوەنی کاسەیەکی بچوک و ملێکی درێژ بووە کە لە بەشێک لە سەرچاوەکاندا بە تەنبوری بەغدادی و تەنبوری ئاشوری ناوی دەبەن. ئەمەش بەڕای توێژەر هەمان ئامێری تەمیرە یاخود (تەمبور)ی کوردیە کە لەنێو شارستانیەتە کوردیە یەک لەدوای یەکەکاندا پێگەیەکی بەرزی هەبووە و هەروەها لە ئایینە کوردیەکانی وەک و زەرتوشتی و یارسانیدا لە بۆنە و ڕێو ڕەسمە ئایینیەکانداهاوشان بۆ چڕینی سروتە ئایینیەکانیان کە بە(سروتی گاتا) ناسرەوە هەر لە ڕۆژگاری دەوڵەتی مادەکانەوە تا ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێت و بە ئامێرێکی موزیکی پیرۆز لەلایان دادەنرێت.

گەشەکردن و بەکارهێنانی ئامێری عودد لە وڵاتانی میزۆپۆتامیا ومیسرییە کۆنەکان و زۆر وڵاتی تر بەردەوام بوو، کە لەنێویاندا ئامێری عودیان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێناوە. چ لە ڕووی قەبارە چ لە ڕووی شێوە و ڕوخسار و پێکهاتەی ئامێرەکە چ لە ڕووی شێوازی ژەنین (مشاری.ل.٨)ئەم ئامیرە لە شارستانیەتی ساسانیەکانیشدا پێگەیەکی بەهێزی هەبووە کە (بەربەت)ی پێگوتراوە کە هەندێک پییان وایە ئەم ناوە لە (باربەد)ی هونەرمەندی بەتوانای دەرباری (خەسرەوپەرویز)ە وە سەرچاوەی گرتووە کە زۆر لێهاتوو بووە لە ژەنینی ئەم ئامێرەدا و خودی خۆی دروستی کردووە و ناوی خۆشی لێناوە(خورشيد,١١:٢٠١٨) .

لە سەردەمی ئیسلامیدا زاراوەی عود لە کۆتایی فەرمانڕەوایی ئومەویدا دەر کەوت و بووە جێی بایەخ. کە لە زمانی عەرەبیدا بە واتای دار دێت. هەروەها دوابەدوای ئەوە عود لە سەردەمی عەباسییەکان (سەدەی نۆیەم) پێگەیەکی گەورەی هەبووە. بەو هۆیەشەوە جێگای بایەخ بووە و گەشەسەندنیکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە چ لەڕووی درووستکردن چ لەڕووی ژەنینی ئامێرەکەوە. زانایانی وەک کندی و فارابی لە کتێبەکانی خۆیاندا، بە شێوەیەکی سیستماتیکی زانستی باسیان لە ئامێرەکە کردووە(القطاط,٢٠٠٦:٤٨).

لە سەردەمی عەباسیەکانیشدا(٧٥٠_١٢٥٨ز)، هونەرەکانی چڕین و ژەنین گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی گەشەسەندن و ئامێری عودیش لە نێو ئامێرەکانی تردا پێگەی موزیکی خۆی پاراستووە و گەشەسەندنێکی زۆریشی بەخۆیەوە بینیوە بە جۆرێک لەمیانەی حوکمی دەوڵەتی عەباسیدا ئامرازێکی سەرەکی بووە لە ئەنجوومەنە هونەریەکان و ئاهەنگە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتدا، جگە لەمەش ئەم ئامێرە موزیکیە بۆ شیکردنەوە وفێرکردنی تیۆرە کانی موزیک بەکاردەهێنرا، لەلایەن زانایان و موزیکزانانی وەک (کندی) (کۆچی دوایی ٨٧٤ی زایینی)، فارابی (کۆچی دوایی ٩٥٠ی زایینی) و ئیبن سینا (١٠٣٧ز کۆچی دوایی کردووە)، وە سەفیەدین ئەرمەوی (١٢٩٤ی زایینی کۆچی دوایی کردووە) ئەو ئامێرەیان بەکارهێناوە(رشید,١٩٧٥:٦٥,٧٠).

منسور زلزال (٧١٠-٧٩١ز) بەیەکەم کەس دادەنرێت کەوا (عودی بەغدادی)ی درووست کرد. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمدا، کە ئامێرەکە هاوشێوەی جۆرێک لە ماسی بوو بەناوی شەبوت (کارب) کە لە ڕووبارەکانی شاری بەغدادا بوونی هەیە. دواتر ئیسحاقی موسڵی گرنگی زیاتری بە ئامێرەکە داو شێوە و پێکهاتەی ئامێرەکەی زیاتر جێگیر کرد بە جۆریک توانی ژێیەکانی ئامیرەکە لە چوار ژێدا جێگیر بکات کە بریتیبوون لە دەنگەکانی(d-a-D-A) ئەو داهێنەرە بەیەکێک لە شارەزاترین کەسی سەردەمی خۆی دادەنریت لە بواری موزیکدا لێهاتوترین ژەنیاری ئامێرەکە بووە(القطاط,٢٠٠٦:٤٨,٥٥)

ئیسحاقی موسڵی مامۆستای (زەریاب)ی عودژەن و دەنگ خۆشی لێهاتووی کورد بووە ئەو هونەرمەندە ی کە توانی کاریگەرییەکی زۆر لەسەرووڵاتانی ئەوروپا بەجێبهێڵێت ، کەچی لە ووڵاتەکەی خۆیدا جێگای نەبووە شاربەدەرکرا! زەریاب لە سەدەی هەشتەم بە دیاریکراوی لە دەوروبەری ساڵانی 789ی زاینی لە موسڵ لە دایک بووە، دواتر دەبێتە شاعیر، میوزیکژەن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆرانیبێژ، دیزاینەر، ڕووەکناس، جوگرافیناس، فەلەکناس و حەکیمێکی ناوداری جیهانی. هەروەها زەریاب هەندێ کات بە (باڵندەی ڕەش) ناوبراوە، ئەمەش بەهۆی چریکەی دەنگە زوڵاڵەکەی و ئەسمەری پێستەکەیەوە بووە .ئەو یەکەمین موزیسیان بوو کە ئامێری عودی بە ئەوروپییەکان ناساند و ژێ (تەل)ی پێنجەمیشی بۆ زیاد کرد-Othman,2023:255) 256)هەروەها ژەنەر (ڕیشە)ی عودی لە تەختەوە گۆڕی بۆ (پەلی هەڵۆ)(ريشة النسر)هەروەها سودی لە ڕیخۆڵەی ئاژەڵ وەرگرت بۆ دروستکردنی ژێیەکانی ئەم ئامێرە(خورشيد,٢٠١٨:١٢،١١) ئەم ئامیرە موزیکیە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردندا بووچ لە ڕوخسار و شێوە و قەبارەی ئامێرەکە و تەکنیکی ئامێرەکە یاخود لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنیکی ژەنینی تایبەت بە ئەم ئامێرە چ بە شێوەی تاک ژەنی یاخود لەناو گروپەکان و هەروەها بەکارهێنانی وەکو یاوەریەک بۆ گۆرانی بێژەکان بەمەبەستی ئاوازدانان و گۆرانی چڕین(خير,٢٠١٦:٢٣).

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە(١٩٠٠) ئامێری عود بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنێکی بەرچاو ڕۆیشت لەنێو وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی لەنێو وولاتانی عەرەبیدا و تایبەتتر دوای دامەزراندنی پەیمانگای موزیکی عەرەبی لە قاهیرە لە ساڵی١٩١٤ و پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا لە ساڵی١٩٣٦ لەسەر دەستی شەریف موحیەدین حەیدەر ، کە هەوێنی دروستکردنی چەندان ژەنیاری بەتوانای ئامێری عود بوون(الدين,٢٠٢٥)

### ١.٢.٣ڕۆڵ و خاسیەتەکانی ئامێری عود لەنێو موزیکی عێراقیدا:

ئەم ئامێرە ژێدارە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی و تایبەتتر عەرەبیدا بە پاشای ئامێرە موزیکیەکان ناسراوە، وە زۆر کەس بە هەڵگری ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی دادەنێن بە جۆرێک هەمیشە جێگای بایەخی ڕۆژهەڵات ناسەکان بووە ئامێری عود لە ڕابردوو و ئێستاشدا ڕۆڵیکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە و هەیە لە گەشەکردنی موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا چ لە ڕووی تیۆری موزیکی ڕۆژهەڵاتی یاخود لە ڕووی ژەنینەوە، وە جێگای بایەخی زانایان و موزیسیانان بووە.(بەجۆرێک ڕۆڵ و گرنگی ئەم ئامێرە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا هیچی کەمتر نیە لە و ڕۆڵەی کە ئامێرەکانی (پیانۆ وکەمان و گیتار)هەیان بووە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی موزیکی کلاسیکی ئەوروپیدا.)(شمة,2015). ئەم ئامێرە کە مل (فینگەر بۆرد)ەکەی لە ١٩ بۆ ٢١ سم تێپەرناکات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانیوێتی چەندین ستایل و مۆرک و فۆڕمی موزیکی جۆراوجۆر لەم فەزا تەسکەی دەنگدا نمایش بکات، کە هەموو هەستەکانی مرۆڤ و ئەوەی دەتوانێت لە کاریگەرییەکانی سروشت و کەسانی دیکە وەریدەگریت دەرییبڕێت). (شمة,2015)

### ٣.٣ شێوازەکانی تەکنیکی هونەری لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئامێری عوددا:

ئامێری عود لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا لە و شارستانیەتانەی کە عودی تێدا بەکارهاتووە هەڵگری کۆمەڵێک خاسیەتی هونەری و کۆمەڵایەتی و کلتوری گرنگ بووە و توانیویەتی ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لەو بوارانەدا. بەڵام ئەوەی گرنگە لێوەی دەستپێبکرێت و باس بکرێت کۆتایی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمە لە وولاتی عێراقدا کە تێیدا بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٩٣٦ لەسەر دەستی شەریف محیەدین حەیدەر بەردی بناغەی یەکێک لە گرنگترین قوتابخانەکانی ئامێری عود دانرا کە ئەویش قوتابخانەی عودی عێراقی بوو وهەڵگری کۆمەڵێک خاسیەتی ناوازەی ژەنینی تایبەت بە ئامێری عود بوو، توانی وەچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بکات لە ئامێری عوددا بەرگێکی تازە بکات بەبەر لایەنەکانی تەکنیک و پێرفۆڕمانس (بەجێهێنان)ی ئامێری عوددا کە پێشتر نەبووە و نەکراوە (العباس,١٥:١٩٩٤) . بەمەش قوتابخانە هونەریەکە توانی خزمەتیکی زۆری شێوازی عود ژەنینی عەرەبی بکات لەناوچەکەدا ئەمە لەکاتیکدا کە قوتابخانەکە لە ڕوخسارو ناوەڕۆکیدا تەنها هەڵگری مۆرکی موزیکی عەرەبی نیە بگرە دامەزرێنەری قوتابخانەکە و چەندین ژەنیاری دیاری ناو ئەم قوتابخانەیە بە نەتەوە عەرەب نین(المشاري,٢٥:٢٠٢٤).

## ١.٣.٣ شەریف موحیەدین حەیدەر[13] (گرنگترین ڕۆڵ و کاریگەریەکانی لەسەر ئامێری عود بەگشتی و قوتابخانەی عودی عێراقی بەتایبەتی.):

[13] کوڕی کوڕی حەیدەر پاشا بووە و لەساڵی ١٨٩٢ لە ئیستانبول لەداییک بووە. لە مندالی ور لەتەمەنێکی بچوکەوە دەستی بە فێربوونی موزیک کردووە و تواناهونەریەکانی سەرسوڕهێنەر بوون لەساڵی ١٩١٩ز توانی چەند پارچە موزیکێک بۆ ئامێری عود دابنێت کە پێشتر هیچ کەسێک بەو فۆڕمە هونەریە کاری بۆ ئامیرە موزیکیە ڕۆژهەڵاتیەکان دانەناوە ئەوانین ئەم کارانەبوون بەناوەکانی (الطفل الراكض-تأمل-ليت لي جناح) هەروەها لە ساڵی ١٩٢٤ لە وولاتی ئەمریکا کۆنسێرتی تایبەت بە ئامێری عود و چەلۆ ئەنجام دەدات کە پێرفۆڕمانسە هونەریەکانی دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی موزیسیانەنی گەورەی وەکو (گۆدۆڤسکی و کلیسلەر و هایفێتز ئەویر) هەروەها دواتر هەر لەوساڵەدا لە گۆڤاری (نیویۆرک هیرالد تربیون) لەنوسینێکدا گۆدۆڤسکی و کلیسلەر لە ڕایەکی هاوبەشی هونەریاندا دەنوسن کە ئەو هەڵگەڕانەوە هونەریەی کە شەریف موحێددین

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی کە شەریف محیەدین حەیدەر کردی لە شێوازەکانی تەکنیکی تایبەت بەژەنینی عود:**

١.زیادکردنی ژێی شەشەم و گۆڕینی شێوازی کۆک کردنی ئامێری عود تاوەکو مەودای دەنگی ئامێرەکە زیاد بکات وبەمەش لەگەڵ دانراوە موزیکیەکانی خۆی و موزیکی جیهانیشدا بگونجێت.

٢.گۆڕانکاری لەشێوازی گرتن و جوڵەکانی ڕیشەی عود تاکو لەو ڕێگەیەوە بتوانێت ڕستە موزیکیە خێراکان لە سەرکەوتن و خوارچوندا بژەنێت ئەمەش بە بەکارهێنانی شێوازی تەکنیکی ڕیشەی خوارو سەر (٨٧) کە بە (ريشة المقلوبة)ناسراوە.

٣.بەکارهێنانی نۆتەی نەخشێنراو (ئۆرنەمێنت)ە جیاوازەکانی زانستی موزیک کە کونجاون بۆ توانای تەکنیکی ئامێرەکە، لەوانەش وەکو (trill ترێل، mordent مۆردێنت، grupeto گرووپێتتۆ، appoggiatura ئەپۆجیاتورا، acciaccaturaئەچیاکاتورا).

٤.مامەڵە کردنێکی زانستیانە لەگەڵ داینەمیکەکان و ئاڕتیکولەیشنەکان و بەکاربردنیان لە تەقسیم و دانراوە تایبەتەکانی ئامێری عوددا.

٥. هەروەها ئاسۆی تەکنیکە موزیکیە کانی زانستی لە ژەنینی ئامێری عوددا فراوانتر کرد لەوانەش

وەکو (DOUBLE STOPS دۆبڵ ستۆپ، chords ئەکۆردەکان، GLISSANDO خلیسکاندن، flautato فلوتاندن،Flageolet فلیاجولیت،vibrato ڤێبراتۆ...)

٦. بەکارهێنانی پۆزشن (ناوچە) جیاوازەکانی ملی عود بۆ ژەنین کە بەر لەو زیاتر تەنها پۆزشنی یەکەم بەکار دەهات بۆ ژەنین(المشاري،٢٧:٢٠٢٤).

---

کردویەتی لە ژەنینی ئامێری عوددا هاوشێوەی ئەوەی پاگانینیە کە لە ئامێری کەماندا کردویەتی. کەبێگومان ئەم موزیسیانەی ئامیری عود ئەم داهێنانانەی لەژیر کاریگەری لایەنی زانستی ودانراوەموزیکیەکانی موزیسیانانی موزیکی کلاسیکی ئەوروپی وەکو فرانس لیسزت و پاگانینی و شۆپان وچەندانی دیکەدا کردووە ئەمە لاکاتیکدا خۆشی ژەنیارێکی ئامێری چەلۆش بووە کە ئامێرێکی موزیکی کلاسیکیە.العباس, ح. ظ. ١٥:١٩٩٤. الشريف محيي الدين حيدر وتلاميذته, دار الكتب والوثائق ببغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگترین دانراوەکانیشی کە تایبەت بۆ ئامیری عود نوسیوێتی بریتین لە(کابریس فرحفزا، لیت لي جناح، الطفل الراكظ، الطفل الراقص)لەگەڵ کۆمەڵێک (Etude) ئێتدی تایبەت بە ئامیری عود.



ڕونکردنەوەی شێوازی ژەنینی پەڕی پێچەوانە کراو




نمونەی چەند ئۆرنەمێنتێک کە لە ئامێری عوددا بەکاردەهێنرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| Dynamic Sign | Italian | English |
|---|---|---|
| *ppp* | *pianississimo* | Very, very soft. |
| *pp* | *pianissimo* | Very soft. |
| *p* | *piano* | Soft. |
| *mp* | *mezzo piano* | Moderately soft. |
| *mf* | *mezzo forte* | Moderately loud. |
| *f* | *forte* | Loud. |
| *ff* | *fortissimo* | Very loud. |
| *fff* | *fortississimo* | Very, very loud. |

نمونەی داینەمیکەکان

| Symbol | Name | Meaning |
|---|---|---|
|  | Legato | smoothly |
|  | Staccato | short and sharp |
|  | Marcato | Stress |
|  | Fermata | Wait longer |

نمونەی چەند ئارتیکولەیشنێکی باو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١.١.٣.٣ئەو ژەنیارانەی کەهەریەکەیان خاوەنی مۆرک و شێوازی ژەنینی تایبەت بەخۆیانبوون وە هەروەها ڕۆڵو کاریگەریەکی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێشبردنی تەکنیک و پیرفۆڕمانسی ئامێری عودو دەرکەوتنی وەکو ئامێرێکی فێرتیۆز:**

**١.١.١.٣.٣جەمیل بەشیر:[14]**

هەرچەندە قوتابی دەستی شەریف موحێددین بووە بەڵام هەر زوو مۆرک و ڕێچکەیەکی ژەنین و موزیک دانانی تایبەت بەخۆی دەدۆزیتەوە و بگرە دەبیت بە قوتابخانەیەکی ژەنین بۆ زۆربەی ژەنیارانی عود. جەمیل بەشیرئاسۆیەکی هونەری فراوانی هەبوو چ لەڕووی تەکنیکی ژەنین چ لەڕووی موزیک دانان، کە ڕۆحی موزیکەکانیشی لە میلۆدی و ڕیتم و مەقامە جیاجیایە عەرەبیەکان و هەموو نەتەوە و ناوچە جیاوازەکانی عێراق وەرگرتبوو، وە لەگەڵ ئەوەش زۆر بەباشی سودی لە موزیکی جیهانی وەرگرتبوو، بۆ نمونە چەند دانراوەیەکی لەسەر فۆرمە جیهانیەکانی وەکو ئیتود و کاپریس و کۆنشێرتینۆ ... هەیە وە هەروەها لە بەشێک لەکارەکانیشیدا لەگەڵ ژەنیارانی ئامیرە جیهانیەکاندا عود دەژەنیت (حیاته,2014)

**گرنگترین دانراوە موزیکیەکانی ئەم موزیسیانە:**

(أيام زمان, تأمل, نشرف سيكا, سماعي نهاوند, همسات, ڤيثارتي, ملاعب النغم,كابريس,ذات الخلخال, سماعي راست, صدقة, قطرات، حيرة ...) هەروەها خاوەنی یەکێک لە باشترین میتۆدەکانە کە لە ساڵی ١٩٦١ بۆ ئامێری عود نوسیویەتی بەناونیشانی (العود وطريقة تدريسه)

---

[14] لەساڵی ١٩٢١ز لەشاری موسڵ لەباوکێکی سریانی و دایکیکی کورد لەداییک بووە، هەر لەمنداڵیەوە فێری ژەنینی ئامێری عود بووە بەهۆی کاریگەری باوکیەوە کە بە دروستکردنی ئامێری عودەوە خەریک بووە لەساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ دروست بونی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد خێزانەکەیان کۆچ دەکەن بۆ شاری بەغداد بەمەبەستی خوێندنی جەمیل و مونیری برای لەپەیمانگاو لەوێ جەمیل لەیەکەم ساڵی کردنەوەی پەیمانگا وەردەگیرێت و لەسەر دەستی شەریف موحێددین فێری عود دەبێت و لەهەمان کاتدا وانەی ئامێری کەمانیش دەخوێنیت لەسەردەستی مامۆستاکەی ساندۆ ئەلبۆ و لەو ئامێرەش ئاستێکی بەرزی دەبێت. المشاري, ع. ٢٠٢٤:٨. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.ل٣٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە لە دوو بەرگ پێک هاتووە و تییدا کۆمەڵێک ڕاهێنانی گرنگی تایبەت بە ئامێری عود و چەندین پارچە موزیکی تێدایە لە فۆرمە موزیکیە ڕۆژهەڵاتیەکانی وەک (بەشرەف، سەماعی، لۆنگا، دسیرتۆ، دۆلاب)کە لە دانانی موزیسیانە کلاسیکیە ڕۆژهەڵاتیەکانن و گونجاون بۆ ژەنینی ئامێری عود لەگەڵ دانراوە موزیکیەکانی خۆی کە تایبەت بە ئامیری عود دایناون. هەروەها لەکۆتایی ئەم کتێبەدا چەندین میلۆدی کۆنی عێراقی عەرەبی و کوردی نوسیوەتەوە. ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٧٧ لەشاری لەندەنی وڵاتی بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە(العباس,١٩٩٤:٤٤,٤٦).

**٢.١.١.٣.٣ مونیر بەشیر:**[15]تایبەتمەندی ژەنینی مونیر بەشیر: ئەم موزیسیانە لە زیاتر لە ٤٤ وڵاتی عەرەبی و جیهانیدا کۆنسیرتی فێرتیۆزی تایبەت بە ژەنینی ئامێری عود ئەنجامداوە لەگەڵ چەندین ژەنیاری ئامێرە جیاوازەکانی جیهان لەگەڵ ئەوەش بەشێکی زۆری کۆنسێرتەکانی بەتانها وەکو تاک ژەنی ئامێری عود ئەنجام داوە، کە تێیدا موزیکی ئیمپراڤیزەیشن و دانراویشی ژەندووە، بەڵام دەتوانین بڵێین موزیکەکانی زیاتر IMPRAVISATION(موزیکی هەروایی)ن کە سەرچاوەی ئیلهام ورۆحی ئەو موزیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ مەقامەکانی عێراق (الجادر,١٩٥٠:٢٠).

**شێوازی ژەنینی مونیر بەشیرو بەشێک لە دانراوەکانی**

توێژەر پێی وایە کەوا، مونیر بەشیر جیاواز لە جەمیلی برای و مامۆستاکەی و گشت ژەنیارەکانی دیکەی قوتابخانەی عودی عێراقی خاوەنی مۆرک و ستاییلێکی تایبەت بو لە ژەنین کە ئەم تایبەتمەندیەشی لە ژەنینی هەروایی (ئیمپراڤیزەیشن)ە ماوە درێژەکانیدا ڕەنگی دابووەوە کە تێیدا مەقامە عێراقیەکانی دەژەنی وە خاوەنی سەلیقەیەکی هونەری بەرز بوو لە گۆڕانکاریە مەقامیەکان لە تەقسیمەکاندیدا، هەروەهاشانبەشانی مەقامە عێراقیەکان مۆد و سکێڵە

[15] برا بچوکی جەمیل بەشیر بووە ولەساڵی ١٩٢٧ لەشاری موسڵ لەدایک بووە،هەر لە منداڵیەوە ژەنینی ئامێری عود لەسەر دەستی باوکی و جەمیلی برای فێر بووە. لەساڵی ١٩٣٩ز دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و دەبێتە یەکێک لە خوێندکارە بلیمەتەکانی شەریف موحێددین و بەجۆرێک دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی مامۆستاکەی کە بەڵێنی ئەوەی پێدەدا بیکاتە یەکێک لە ئەستێرەکانی ئاسمانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی. شان بەشانی ئامێری عود ئامێری چەلۆشی خوێندووە، لەساڵی ١٩٤٥ پەیمانگا تەواو دەکات و لەساڵی ١٩٤٦ لەسەر داوای مامۆستاکەی دەبێتە مامۆستا لەپەیمانگا. دواتر کۆچ دەکات بۆ وڵاتی هەنگاریاو لە زانکۆی فرانسلیزت لەو وولاتە درێژە بە خوێندنی ئەکادیمی دەدات و یەکێک لە مامۆستاکانیشی موزیسیانی دیار و ناوداری جیهانی زولتان کۆدای دەبێت.العباس, ح. ظ. ١٥:١٩٩٤. الشريف محيي الدين حيدر وتلاميذته, دار الكتب والوثائق ببغداد, ibid.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیهانیەکانی و تەکنیکە بەرزەکانی ژەنینیشی بەکار دەهێنا لە ژەنینە هەروایی (improvisation)یدا بەتایبەت دوای کۆچکردنی بۆ دەرەوەی وڵات، کە ئەمە وایکرد ئاسۆی هونەری فراوانتر ببێت، هەروەها دەکرێت بوترێت لە شێوازی ژەنینی ئەم هونەرمەندەدا لایەنی میدیتەیشن و سۆفیگەری بەڕوونی بەدیدەکرێت.
جگە لەمانە چەندین موزیکی دانراوی هەیە وەک (العصفور طائر، سامبا، ليالي اشبيلية، سماعي نهاوند،ام سعد، سسماعي حيجازكار كرد، شروق، أم سعد)(العباس,١٩٩٤:١١٦،١٠٢)

**٣.١.١.٣.٣سالم عەبدولکەریم:**

دوا بە دوای ئەو ناوە دیارانەی ئاسمانی عودی عەرەبی و عێراقی، جیلێکی تازەو پڕ ووزەو گۆڕانکاری لە بواری تەکنیکی ژەنینی عود هاتە کایەوە کە کۆمەڵێک شێواز و ڕێچکە و مۆرکی تازەی ژەنین لەسەر دەستی کۆمەڵێک ژەنیاری بلیمەت و ناوازە دروست بوو، کە هە یەکێکیان خاوەن مۆرکو ستاییلی ژەنینی تایبەت بەخۆیان بوون، یەکێک لەو ناوە دیارانەش سالم عەبدولکەریمە، کە لەسەر دەستی ڕوحی خەماش فێری ژەنینی عود و تیۆرەکانی موزیک و شێوازی ژەنینی موزیکی عەرەبی دەبێت. بەڵام سالم هەر زوو هەنگاوە هونەریەکانی بەرەو داهێنان و تازە گەری لەبواری ژەنیندا بەخێرایی دەنێت بۆ نمونە گوستنەوەی تەکنیکی ژەنین بەبێ ڕیشەو تەنها بەکارهێنانی پەنجەکانی ئامێری گیتار بۆ عود، هەروەها شێوازی عود بەتەنها بە دەستی چەپ(خليل,٢٠٢٤:٢١). هەروەها یەکێکی تر لە تازەگەریە بەرچاوەکانی دانانی گروپی چوارینەی عود بوو لە ساڵی ١٩٨٣، کە چەندین پارچە موزیکی بۆ چوار عود نوسییەوە و ئەندامانی گروپە چوارینەکەش بریتیبوون لە ( نصير شمة، احسان عبد الجبار، ماجد عبد الرزاق، انيتا بنيامين)، هەروەها گروپی سیانی عود وگیتاری کلاسیک لە ساڵی ١٩٨٩ کە توانیان چەندین پارچە موزیکی ناوازەپێشکەش بکەنسەرەڕای ئەوانەو چەندان بیرۆکەو ئەزمونی دیکەی هونەری، خاوەنی بیرۆکەی دروستکردنی ئۆرکێسترای عودە کە لە نزیکەی ٦٠ ژەنیار پێک هاتبوو(المشاري,٢٠٢٤:٣٥،٣٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٤.١.١.٣.٣نەسیر شەممە:[16]

لەکارە دانراوە دیارەکانی بۆ ئامێری عود کە تەکنیکێکی قورس و بەرزی ژەنینی تێدایە( لو کان لي جناح، اشراق، طفولة، حدث في العامرية، من الذاكرة، من اشور الى اشبيلية، حب العصافير، قصة حب الشرقية...) و چەندان شاکاری هونەری دیکە. هەروەها خاوەنی کتێبێکی گرنگی تایبەت بە فێربوونی ئامێری عودە، لەگەڵ دامەزراندنی چەندان گروپی موزیکی و لە هەموشیان گرنگتر دامەزراندنی ماڵی عودە کە لە وڵاتی میسرِ لە قاهیرە لەساڵی ١٩٩٨ دایمەزراندووە و ناوەندێکی گرنگی فێربوونی ئامێری عودەو چەندین ژەنیاری بلیمەتی دروست کردووە (المجيد,٢٠١٥:٢١)

### ٢.٣.٣دروستکردنی ئامێری عود لەعێراق و سیماو خاسیەتە دیارەکانی:

دروست بونی قوتابخانەی عودی عێراقی و ژەنینی عود بەشێوەیەکی تازەو گۆڕانکاری لە شێوازی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژەنین، بوونە هۆی ئەوەی کەوا پرۆسەی دروستکردنی عود لەلایەن ئەو کەسانەی کەوا عود دروست دەکەن گرنگی زیاتری پێبدرێت و لەرووی تەکنیک و شێوە وقەبارەو قیاساتەوە گۆڕانکاری تێدابکەن بەجۆرێک لەگەڵ شێوازە ناوازەکانی تەکنیکەکانی ژەنینی ژەنیارە فێرتیۆزەکاندا بگونجێت و جێگای ڕەزامەندی ئەوان بێت. ئەو گۆڕانکاریانەش (گۆڕینی شێوازی کۆک کردنی ئامێرەکە، گۆڕانکاری لە پێوانەو قەبارەی عود لە گشت بەشەکانی،زیادکردنی ژێی شەشەم لەلایەن موزیسیان ڕوحی خەماشەوە، داهێنانی عودی سەحب (الغزالة متحركة)بەبیرۆکەی مونیر بەشیر و عود دروستکەری بەناوبانگ موحەمەد فازڵ، گۆڕانکاری لە جۆرو شێوەی ڕیشەی عود(رشيد,١٩٨٧:٩١).

[16] بەیەکێک لە ژەنیارە فرتیۆزە عودە زۆر دیار و گرنگەکانی عێراق و جیهان دادەنرێت، کە بەشێک بە شەریف موحێددین حەیدەری بەراورد دەکەن لەڕوی ڕیفۆرم خوازی و شێوازی ژەنینی ئامێری عودەوە، ئەمەش بۆ ئەو داهێنانە گەورەو گرنگانە دەگەڕێتەوە کە لە شێوازی ژەنینی ئامێری عوددا کردویەتی کە دەتوانین زۆر بە ڕونی سیمای ژەنیارێکی تەواو فێرتیۆزی تێدا بەدیبکەین ئەمەش لە کارە دانراوەکانی بۆ ئامێری عود و ئیمپڕاڤیسەیشنەکانی لە تەقاسیمەکانیدا بەتەواوی هەست پێدەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەکانی ئەم خشتەیە کە بریتین لە ئەو تەکنیکانەی کە لە شێوازی عود ژەنینی عێراقیدا بەکار دێت، لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراون(المشاري,٢٠٢٤:٧٩،٨٠). (قەرەداخی,٢٠٢٥)

| ئەو تەکنیکانەی کە لە شێوازی عود ژەنینی عێراقیدا بەکار دێت | Techniques used in Iraqi oud playing | التقنيات المستخدمة في العزف على العود العراقي |
|---|---|---|
| بەکارهێنانی دۆخەکانی جیاوازی ژەنین | POSITIONS | استخدام أوضاع العود المختلفة |
| پەڕی پێچەوانەکراو | DOWN-UP STROKE | استخدام الريشة المقلوبة |
| پەڕی ئیکۆنۆمیک | iconomik pitch | استخدام ريشة أقتيصادية |
| پەڕی دوانی | DOUBLE STROKE | استخدام الريشة  المزدوجة |
| پەڕی خلیسکاو | SLIP STROKE | استخدام الريشة المنزلقة |
| پەڕی بازنەیی | CIRCULAR STROKE | استخدام الريشة الدائرية |
| تریمۆلۆ | TREMOLO | استخدام ريشة الفرداش |
| بەکارهێنانی لیگاتۆ_لکاو | LEGATO | استخدام الأداء المتصل |
| ستەکاتۆ (نۆتە ژەنینی پچڕ پچڕ) یاخود جیاجیا | STACCATO | استخدام الأداء المتقطع |
| بەکارهێنانی فرە دەنگی | CHORD | استخدام تعدد التصويت |
| جوت داخستن | DOUBLE STOPS | استخدام العفق المزدوج |
| بەکارهێنانی خلیسکاندن | GLISSANDO | ال استخدام العفق الزاحفلعفق استخدام |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ئارپێجیۆ، درێژکردنەوەی ئەکۆرد | ARPEGGIO | استخدام الأربيج |
| بەکارهێنانی تریللە _ شەکاندنەوە _ قریوە | TRILL | استخدام الزغردة |
| سینکۆپ | SYNCOPE | استخدام تأخر نبر |
| فلاجیولێت | Flageolet | |
| فلوتاندن | FLAUTATO | استخدام تقنية الصغير |
| پەنجە ژەنین بە دەستی ڕاست | RIGHT HAND PIZZICATO | استخدام النبر بأصابع اليد . اليمنى |
| پەنجە ژەنین بە دەستی چەپ | LEFT HAND PIZZICATO | البصمة |
| سیکوێنس | SEQUENSE | استخدام عزف التتابع النغمي |
| ژەنین لەچینە دەنگە بەرزەکان | OCTAVE | استخدام ديوان في الطبقات العليا |
| پەیژەی کرۆماتیک | CHROMATIC SCALE | استخدام عزف سلم كروماتيك بأوضاع مختلفة |
| بەکارهێنانی پێکهاتەکانی ڕیتمی نارێکخراو | | استخدام التراكيب الإيقاعية الغير منتظمة |
| بەکارهێنانی ڕستەی موزیکی لە شوێنی دەنگەکانی گڕ و تیژ | | استخدام عزف الجمل الموسيقية في منطقتي القرارات والجوابات |
| بەکارهێنانی بازدانی دەنگی لە سەرچون و خوارچوندا | | استخدام القفزات النغمية الهابطة والصاعدة |
| هەروەها بەکارهێنانی داینامیکەکان | dynamics | استخدام الديناميكيات |

### ٣.٣.٣ ئامێری عود بەپێی مۆرک و ستاییلی ژەنین لەناو موزیکی کلتورە جیاوازەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا چەند جۆرو قەبارەی جیاوازی هەیە کە لێرەدا دەخرێنە ڕوو:

بەپێی ڕاوبۆچوونی توێژەر هەرچەندە ڕەگوڕیشە و مێژووی ئەم ئامێرە تا ڕادەییەک دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی کوردستان بەڵام تا ئێستا هیچ تایبەتمەندی و قەبارەیەکی تایبەت بە عودی کوردی لە بەردەستدا نیە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە دروستکردنی ئەم ئامێرەشەوە خەریکن زۆر کەمن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەجۆرێک لە باشوری کوردستان تەنها یەک کەس هەیە لەشاری دهۆک کە بەشێوازیکی باش ئەم ئامێرە دروست دەکات وە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیش چەند هەولێک هەیە، بەڵام تاڕاددەیەکی زۆر لاسایی شێوازی دروستکردنی عودی عەرەبی و تورکی دەکەنەوە و خاوەنی ڕێچکەو شێوازێکی تایبەتی کوردی نین لە دروستکردنی عودەکانیان.

### ١.٣.٣.٣عودی عێراقی:

عودی عێراقی یەکێکە لە بەناوبانگترین جۆرەکانی عود لە جیهاندا، هەرچەندە بەعودی کلاسیکی شەرقیش ناسراوە بەڵام زیاتر بە عودی جۆری سحب (الغزالة المتحريكة) کەهەندێکیش پێی دەڵێن عودی بەشیری، بەناوبانگە کە بە داهێنانی ژەنیاری عێراقی بەناوبانگ مونیر بەشیر وعود دروستکەری عێراقی موحەمەد فازڵ بووە لەساڵی ١٩٥٤، کە مونیر بەشیر لە زۆربەی کۆنسێرتە فرتیۆزیەکانی خۆیدا بەبی بەکارهێنانی ئامێری مایکرۆفۆن بەکاریهێناوە، بەرزی ئاستی تەکنیکی دەنگی ئامێرەکەوە. مونیر بەشیر ئومێدێکی زۆری بەم عودە هەبوو کە بە عودی داهاتوو ناوی دەهینا و پێی وابوو ئەم عودە تایبەتمەندی دەنگی ئەوەندە ناوازەیە کە هەم لەگەڵ موزیکی ڕۆژئاوایی هەم لەگەڵ موزیکی ڕۆژهەڵاتیشدا دەگونجیت(العواد,٢٠٢٥). ئەم جۆرە عودە لەئیستادا لەنێو ژەنیارانی عوددا بەتایبەت ژەنیارە فیرتیۆزەکاندا گرنگی خۆی هەیە چونکە بۆ زۆربەی شێوازەکانی تەکنیکی ژەنینی تایبەت بە ئامێرەکە گونجاوە(الحمود,2022).

## تایبەتمەندیەکانی عودی عێراقی

عودی عێراقی (السحب) ڕاکێشراو (عود ی بەشیری)[17]:

[17] بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناسراوە کە جیای دەکاتەوە لە جۆرەکانی تری عود لە خوارەوە ئاماژە بە دیارترین ئەم تایبەتمەندیانە دەکەین بەهۆی بچووکی قەبارەکەی دەنگی ئامێرەکە تیژترو بەرزترە لە دەنگی ئامێرەکانی دیکە. کونەکانی واتە دەرەچە دەنگیەکانی ڕووی پێشەوەی عودەکە شێوە گۆیین وبەتەواوی کراوەن واتە نەخشەکانی ڕۆژهەڵاتی تێدا نیە. هەروەها درێژی ژێیەکانی لە لوتی فینگەربۆردەوە بۆسەر پرد ٥٧ سانتیمەترە و ملەکەشی ١٩ بۆ ١٩ سانتیمەترو نیوە الحمود, أ. 2022. ما هي أنواع آلة العود؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٢.٣.٣.٣ عودی ڕۆژهەڵاتی (کلاسیکی):

لە موزیکی (تەختی ڕۆژهەڵاتیدا) بەکار دەهێنرێت و زیاتر لە فۆرمە موزیکیە ڕۆژهەڵاتیەکاندا بەتایبەت تەقسیمە ڕۆژهەڵاتیەکاندا چ وەکو تاکژەنی چ لەناو گروپ بەکاردێت، هەروەها بەهۆی دەنگە بەسۆز و گۆرانی ئامیزەکەی و هروەها تەکنیکی ئامێرەکەوە زۆر جار لەلایەن ئاوازدانەران و گۆرانیبێژانیشەوە بەکار دەهینریت. گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ئامێرەش ئەوەیە کە قەبارەی ئامێرەکە گەورەترە لە ئامیرەکانی دیکە واتە کاسەیەکی گەورە و ملێکی دریژتری هەیە هەروەها خاوەنی دەنگیکی گڕوو بەسۆزە (الدين,٢٠٢٥).

### ٣.٣.٣.٣عودی تورکی:[18]

### تایتبەتمەندیەکانی:

*عودی تورکی تایبەتمەندە بە دەنگە زۆر بەرز و تیژەکەی.

* بە کێشی سووک و قەبارە بچووک و ملی کورت ناسراوە بە بەراورد بە عودی عەرەبی شەرقی

*درێژی ژێیەکانی عودی تورکی واتە لە نێوان (پرد و لوت)ی عودەکە ٥٨.٥ سم ە

*ڕووی پێشەوەی کاسەی عود کە دەنگی عودی لێدەردەچێت لە عودی تورکیدا زۆر تەنکە ئەمەش وادەکات کە دەنگەکەی زۆر پاک و وورد بێت.

(الحمود,2022).

---

[18] عودی تورکی: لە کۆندا لەلایەن ژەنیارە یۆنانییە کۆنەکانەوە بەکاردەهێنرا، دوای سەرهەڵدانی جەنگەکانی نێوان وڵاتان و تێکەڵبوونی کولتوورەکان لەگەڵ یەکتر بووە هۆی گواستنەوەی عودی یۆنانی کە بە (ئوتی) ناسرابوو بۆ تورکیا و بەکارهێنانی لە تورکیادا لە ژێر هەمان ناودا عودی کۆنی تورکی یان یۆنانی بە قەبارەی بچووکتر لە عودی ئێستا، جگە لەوەی ملی کورت بووالحمود, أ. 2022. ما هي أنواع آلة العود؟ [Online]. Available: https://almoseqa.com/l/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8%A3%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9-%D8%A2%D9%84%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%88%D8%AF [Accessed]..

## ٤.٣.٣قوتابخانە سەرەکیەکانی ئامێری عود و گرنگترین خاسێت و سیمادیارەکانیان:

### ١.٤.٣.٣قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی (المدرسة شرقية):

ئەم قوتابخانەیە لە موزیکی عەرەبیدا و لەووڵاتانی عورەبی بەگشتی و میسرِ و سوریا بەتایبەتی باوە. کە زیاتر بە ڕستە گۆرانی ئامێز(طربي)یەکان بەناوبانگە کە بەشێوەی یەک لەدوای یەک و کەیدینس (قفلة)ی کورت و شیرین کە گوێگر لە کۆنسێرتەکاندا چاوەڕوانی دەکەن و لەگەڵیدا دەخرۆشێن و هەیەجان دەبن ناسراوە(شمە,٢٠٢٥).

### ٢.٤.٣.٣قوتابخانەی عودی تورکی:

قوتابخانەی تورکی زیاتر بە (ریشة المقلوبة)و ئۆرنەمێنتەکانی وەک و ترێل ناسراوە هەروەها گرنگیەکی زۆر بە لایەنەکانی سۆفیگەری و ڕۆحانیەت دەدات(شمە,٢٠٢٥).

### ٣.٤.٣.٣قوتابخانەی عودی عێراقی:

سودی لە زۆربەی ستایلە موزیکیە جیهانیەکان و هەردو قوتابخانە ی تورکی و ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە بەجۆرێک لایەنی ڕۆحانیەتی تێدایە و ڕستە گۆرانی ئامێزەکان (الجملة طربية) یەکانیشی تێدایە کە توانیوێتی بە جوانی ئاوێتەی یەکتریان بکات. وە بەگشتی لە پارچە موزیکێکدا گشت لایەنەکان لەخۆ دەگرێت وەک لایەنی تەعبیری قوڵ ڕوئیای ژەنیار وەهەروەها لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە تەکنیکێکی بەرزی ژەنین، هەروەها پێویستە لەم قوتابخانەیەدا خاوەن مۆرکی ژەنینی تایبەت بەخۆت بیت کە ئەمەش لەنیو ئەو هەموو ژەنیارە بەتواناایانەدا دۆزینەوەی خۆت بەو ئەندازەیە کارێکی قورسە، هەر ئەمەش وای کردووە هەموو ژەنیارێک بە ئاسانی نەتوانیت ببێتە ژەنیارێکی لێهاتووی ئەم قوتابخانەیە(شمە,٢٠٢٥).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤ .بەجێهێنانی توێژینەوەکە

### ١.٤میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی وەسفی شیکارییە، تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندی بەجێهێنان و شێوازەکانی تەکنیک و مۆرکی ژەنینی ئامێری عود لە عێراقیدا.

## ٥.ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

### ١.٥ئەنجامەکان:

*مێژوو ی بەجێهێنان و شێوازەکانی تەکنیکی تایبەت بەئامێری عود مێژوویەکی چەندهەزارساڵەی هەیە لەنێو شارستانیەتە یەک لەدوای یەکەکانی میزۆپۆتامیا و میسرِ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بەشێک لە وولاتانی ئەورویی

*خاسیەتە هونەریەکان و مۆرک و شێوازەکانی ژەنینی تایبەت بە ئامێری عود لە سەدەی بیستەمدا ڕێڕەوی زانستی خۆی لە وولاتی عێراقدا دۆزیەوە بەمەش چەندین ژەنیاری لێهاتوی فێرتیۆز و مۆرک و ڕێچکەو قوتابخانەی ژەنینی تایبەت بە ئامێری عود لەدایک بوون.

*لەڕووی ئەنترۆپۆلۆجیای کلتوریەوە مۆرکی ژەنین و دروستکردنی ئەم ئامێرە پەیوەندیەکی توندو تۆڵو پتەوی بە کلتورو نەریتی موزیکی دینی و دنیایی چەندین شارستانیەت و وڵات و جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا کلتورو نەریت و ئایین و جوگرافیا کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر مۆرک و خاسیتی ئامێری عود هەیە.

*پەیوەندی نێوان موزیسیان و بینەر لە موزیکی رۆژهەڵاتیدا وەک ئەزمونێکی کلتووری هاوبەش جەخت لەسەر بەجێهێنان دەکاتەوە وەک دیاردەیەکی هونەری زیندو ئەمەش وەک ئەزمون و پەیامێکی هونەری قوڵ دەردەکەوێت نەک تەنها پێشکەشکردنێک.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢.٥ پێشنیازەکان:

*گرنگیدانی زیاتر بە توێژینەوە زانستیە موزیکۆلۆجیەکان تاکو لەو سۆنگەیەوە توێژەرانی ئەو بوارە بتوانن زەمینەو پانتاییەکی فراوانتریان بۆ بڕەخسێت بەو هۆیەشەوە خزمەتی زیاتر دەبەخشرێت بە بواری زانستی موزیکی کوردی.

* زانیاریە زارەکی و پراکتیکیەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک یاداشت بکرێت، بە تیشک خستنە سەر لایەنەکانی بەجێهێنان و شێوازەکانی تەکنیکی تایبەت بە ئامێری عود. پاشان پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ پاراستن و شیکردنەوەیان بەم هەنگاوەش هەم لەلەناوچون دەپارێزرێن هەمیش سودی بۆ کتێبخانەی هونەری کوردی دەبێت شێوازەکانی.

* پێویستە شێوازەکانی تەکنیک و تایبەتمەندی مۆرکی ژەنین وبەجێهێنانی موزیکی تایبەت بە ئامێری عود بکرێت بە میتۆد و لە ناوەندە پسپۆڕی و زانستیەکانی تایبەت بە فێربوونی موزیک بخوێندرێت.

## ٣.٥ ڕاسپاردەکان:

*گرنگیدان و هێنانە پێشەوەی کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە تەکنیک و مۆرک و بەجێهێنانی موزیکی کوردی بەگشتی و ئامێری عود بەتایبەتی، لە ناوەندە زانستی و فێرکاریەکانی موزیک و دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاکو بتوانن زانیاریە زانستیە کەڵەکە بووەکانیان لە هزرو تواناى فێرخوازانی موزیکدا بەرجەستە بکەن.

* گرنگی دان بە فیستیڤاڵ و بەرنامە کلتوورییەکان، بەمەش موزیکی ڕاستەوخۆ و ئیمپرۆڤایزەیشن لە پێشینەدا دەبن بۆ بەردەوامبوونی کارلێکی نێوان بەجێهێنەر و بیسەر ئەمەش دەبێتە کلتورو نەریتێکی باوو زیندو، بۆ پێشخستنی دامودەزگاکانی هونەری.

* کردنەوە و دامەزراندنی ناوەندێکی ئەکادیمی و زانستی تایبەت بە فێربوونی ئامێری عود بە شێوازێکی زانستی بەمەش هەم مۆرک و تەکنیکی ژەنینی بەجێهێنەرە کوردەکان پێشدەکەوێت هەمیش دەروازەیەکی زانستی دەبێت بۆ لەدایبک بوون و دروستبوونی چەندین ژەنیاری فێرتیۆزی ئامێری عود.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکانی کوردی:

ئەحمەد, وریا. ٢٠١٦. ئامێرەکانی موزیکی کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر, بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

بانەیی, حەمید. ٢٠٢٣. مێژووی ژیانی مۆزیک.

خورشید, توانا. ٢٠١٨. میتۆدی فێربوونی ئامێری عود, سلێمانی.

خورشید, ت. ١١:٢٠١٨. میتۆدی فێربوونی ئامێری عود, سلێمانی.

خورشید, ت. ١١،١٢:٢٠١٨. میتۆدی فێربوونی ئامێری عود, سلێمانی.

حەمەباقی, محەمەد. ٢٠٠٩. مێژووی موزیکی کوردی, بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان, چاپخانەی هێڤی.

قەرەداخی ,ئەسعەد. (٢٠٢٥). فەرهەنگی مۆزیک .

بانەیی, ح. ١٠١:٢٠٢٣. مێژووی ژیانی مۆزیک.

حەمەباقی, م. ١٨٥:٢٠٠٩. مێژووی موزیکی کوردی, بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان, چاپخانەی هێڤی.

ئەحمەد, و. ٢٠١٦. ئامێرەکانی موزیکی کوردی, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر, بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

## سەرچاوەکانی عەرەبی:

-العباس, حبيب. ظاهر. ١٩٩٤. الشريف محيي الدين حيدر وتلاميذته, دار الكتب والوثائق ببغداد.
-لعباس, ح. ظ. ١٥:١٩٩٤. الشريف محيي الدين حيدر وتلاميذته, دار الكتب والوثائق ببغداد.
-العباس, ح. ظ. ٤٤،٤٦:١٩٩٤. الشريف محيي الدين حيدر وتلاميذته, دار الكتب والوثائق ببغداد.
-العباس, ح. ظ. ١٠٢،١١٦:١٩٩٤. الشريف محيي الدين حيدر وتلاميذته, دار الكتب والوثائق ببغداد.
العواد, فاظل. محمد. فائق. ٢٠٢٥. عود السحب العراقي - Floating Bridge Oud. عود السحب العراقي - الاستاذ فائق محمد فاضل العواد.
القطاط, محمود. ٢٠٠٦. ألة العود بين دقة العلم و اسرار الفن, وزارة الاعلام سلطنة عمان, مركز عمان للموسيقى التقليدية.
-القطاط, م. ٤٨:٢٠٠٦. ألة العود بين دقة العلم و اسرار الفن, وزارة الاعلام سلطنة عمان, مركز عمان للموسيقى التقليدية.
-القطاط, م. ٤٨،٥٥:٢٠٠٦. ألة العود بين دقة العلم و اسرار الفن, وزارة الاعلام سلطنة عمان, مركز عمان للموسيقى التقليدية.
المشاري, علي. ٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.

-المشاري, ع. ٧.٨:٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.
-المشاري, ع. ٨:٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.
-المشاري, ع. ٢٥:٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.
-المشاري, ع. ٢٧:٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.
-المشاري, ع. ٣٤،٣٥:٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.
-المشاري, ع. ٧٩،٨٠:٢٠٢٤. مدرسة العود العراقية بين الماضي والحاضر.
خليل, رحاب .محمد. كمال. علي. ٢٠٢٤. دراسة تحليلية عزفية لاعمال سالم عبد الكريم لالة العود
خير, إبراهيم. جهاد. ٢٠١٦. المدارس الموسيقية في العزف على آلة العود.
رشيد, صبحي. انور. ١٩٨٧. تأريخ العود, مصر _ القاهرة, دار الغريب للنشروالتوزيع.
رشيد, صبحي. أنور. ١٩٧٥. الالات الموسيقية في العصور الاسلامية, دار الحرية للطباعة_عراق_بغداد.
شممة, نصير.٢٠١٥. دور العود في تطور مسيرة الموسيقى الشرقية. مجلة الموسيقى العربية.
شممه, نصير. ٢٠٢٥. الفنان نصير شمه يشرح الفرق بين مدارس العود المختلفه (المصريه والتركيه والعراقيه).
الجادر, عبد المنعم. ١٩٥٠. من تأريخ النهضة الفنية في العراق الحديث عراق_بغداد.
الحمود, أسيل. ٢٠٢٢. ما هي أنواع آلة العود؟
-.المجيد, محمد. زين العابدين. المجيد. عبد. (٢٠١٥). دراسة تحليلية لأعمال نصير شمة الموسيقية - رسالة ماجستير . كلية التربية الموسيقية. جامعة حلوان.
-لجادر, ع. ٢٠:١٩٥٠. من تأريخ النهضة الفنية في العراق الحديث عراق_بغداد.
-المجيد, م. ز. ا. ع. ٢١:٢٠١٥. دراسة تحليلية لأعمال نصير شمة الموسيقية - رسالة ماجستير . كلية التربية الموسيقية.
-خليل, ر. م. ك. ع. ٢١:٢٠٢٤. دراسة تحليلية عزفية لاعمال سالم عبد الكريم لالة العود
-خير, إ. ج. ١٨:٢٠١٦. المدارس الموسيقية في العزف على آلة العود.
-خير, إ. ج. ٢٣:٢٠١٦. المدارس الموسيقية في العزف على آلة العود.
-رشيد, ص. ا. ٩١:١٩٨٧. تأريخ العود, مصر _ القاهرة, دار الغريب للنشروالتوزيع.
-رشيد, ص. أ. ٦٥.٧٠:١٩٧٥. الالات الموسيقية في العصور الاسلامية, دار الحرية للطباعة_عراق_بغداد.

## سەرچاوەکانی ئینگلیزی:

BROWN, A. R., & QURESHI, A 2017. *Musical identity and the performance of authenticity.*
GHOSH, M. (ed.) 1951. *Natya Shastra*: Asiatic Society of Bengal, Calcutta.
MORTHY, S. 1960. *HISTORY OF INDIAN MUSIC,* THE INDIAN MUSIC PUBLISHING HOUS.
SACHS, C. 1992. *The History of Musical Instruments.*, W.W. Norton & Company.
5-OTHMAN, D. M. 2023. *IRAK'TA SANATÇI OLMAK: SAVAŞ ÖNCESİ VE SONRASINDA RESİM SANATI.* İsttanbul Üniversitesi.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکانی ئەلیکترۆنی:

CAMBRIDGE, D. 2024. *Defining feature*https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/definingfeature#google_vignette

FROUVELLE, I. 2025. *The Evolution of the Harp Over Time* [Online]. Available: https://lelivreetlaharpe.com/en/the-history-of-the-harp/ [Accessed].

https://interlude.hk/giovanni-pierluigi-da-palestrina-italian-renaissance-composer/

https://www.britannica.com/art/mode-music

https://www.britannica.com/biography/Josquin-des-Prez

https://www.skoove.com/blog/musical-modes/

MULTIKULTI.COM. 2025. *Classical Music Of Iraq* [Online]. Available: https://multikulti.com/world-music/22731-classical_music_of_iraq-8712618501221.html [Accessed].

Online Etymology, 2024, Performancehttps://www.etymonline.com/search?q=performance

ONLINE ETYMOLOGY, D. 2024. *Feature* [Online]. Available: https://www.etymonline.com/search?q=feature [Accessed 24 November 2024].

ONLINE ETYMOLOGY, D. 2024. *Feature*https://www.etymonline.com/search?q=feature

Online Etymology, 2024, Performancehttps://www.etymonline.com/search?q=performance

https://www.history.com/articles/mesopotamia#Where-is-Mesopotamia

HISTORY.COM. 2025a. *Mesopotamian Gods* [Online]. [Accessed].

HISTORY.COM. 2025b. *wher is a mesopotamia* [Online]. Available: [Accessed].

PETRONIO, K. 2020. *The History of Live Music Performance* [Online]. Available: https://www.savagecontent.com/post/the-history-of-live-music-performance [Accessed 23 jul 2020].

STAFF, E. T. 2024. *A Brief History of Musical Instruments in Ancient Egypt* [Online]. Available: https://www.egypttoday.com/Article/6/133778/A-Brief-History-of-Musical-Instruments-in-Ancient-Egypt [Accessed 29 Jul 2024].

[Online]. Available: https://almoseqa.com/l/%D9%85%D8%A7-%D9%87%D9%8A-%D8%A3%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%B9-%D8%A2%D9%84%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%88%D8%AF [Accessed].

BRITANNICA 2025. music performance.

CARTWRIGHT, M. 2009. *Ancient Greek Music* [Online]. Available: https://brewminate.com/ancient-greek-music/ [Accessed].
COLLINS 2025. performance.
ETYMONLINE 2025a. music performance.
ETYMONLINE 2025b. music technique.
FROUVELLE, I. 2025. *The Evolution of the Harp Over Time* [Online]. Available:
الدين, أ. س. ٢٠٢٥. آلة العود : ومراحل صناعتها وتطورهاhttps://folkculturebh.org/ar/index.php?issue=67&page=article&id=977

حياته, J. B. س. (2014). *Jamil Bashir* سيرة حياته
https://www.youtube.com/watch?v=PD0jkQnHht8

---

# Implementation of Techniques and Stamps of Playing the Oud in Iraqi Music

**Hardy Othman Ali**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Hardy.ali@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Aamanj Ghazi Shaker Agha**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Amanj.shaker@se.edu.krd

## Abstract:
history of its emergence, important stages in the development and progress of the device and its methods among different civilizations, according to successive periods of history. It also discusses the characteristics, role, position and artistic characteristics of this instrument in various cultures and civilizations of oriental

music. It also highlights the playing style, characteristics and stamp of playing of different schools of oud and the important changes that in the twentieth century on the hands of great oud players such as Sharif Mohiyen Haider and his students in the technique and performance of oud. He also discusses the characteristics of this instrument and its role and importance in the history of Kurdish music. It begins with the history, characteristics, importance and role of the instrument in oriental music and then goes on to advanced playing techniques This research "Implementation of Techniques and Stamps of Playing the Oud in Iraqi Music" aims to scientifically reveal all the hidden artistic aspects of the oud. To that end, he has highlighted aspects of the and different playing styles of the instrument. This paper attempts to provide a comprehensive view about the characteristics of oud performance styles, both technically and in terms of expressive and playful aspects. The study also attempts to bridge the role of this instrument between cultural authenticity and artistic contemporary, so that it is able to balance with contemporary musical developments while maintaining its authenticity.

***Keywords***: *Performance, Technique methods, Playing stamps, Oud instruments ,Iraqi Music*

## الأداء و أساليب التقنية وطابع العزف على ألة العود في الموسيقى العراقية

**ملخص:**

يهدف هذا البحث، المعنون المعنون بـ "الأداء و أساليب التقنية وطابع العزف على ألة العود في الموسيقى العراقية" إلى الكشف العلمي عن جميع الجوانب الفنية الخفية للعود. ولتحقيق ذلك، سلّط الضوء على جوانب من تاريخ ظهوره، ومراحل مهمة في تطوره وتقدمه وأساليبه بين الحضارات المختلفة، وفقًا للفترات التاريخية المتعاقبة. كما يناقش خصائص هذه الآلة ودورها ومكانتها وسماتها الفنية في مختلف ثقافات وحضارات الموسيقى الشرقية. كما يُسلّط الضوء على أسلوب العزف وخصائصه وطابعه لدى مدارس العود المختلفة، والتغيرات المهمة التي شهدها القرن العشرين على يد عازفي عود عظماء، مثل شريف محيي حيدر وطلابه، في تقنية العود وأدائه. كما يناقش خصائص هذه الآلة ودورها وأهميتها في تاريخ الموسيقى الكردية. يبدأ البحث بتاريخها وخصائصها وأهميتها ودورها في الموسيقى الشرقية، ثم ينتقل إلى تقنيات العزف المتقدمة وأنماط العزف المختلفة. تسعى هذه الورقة إلى تقديم رؤية شاملة لخصائص أساليب عزف العود، من الناحية التقنية والتعبيرية واللعبية. كما تسعى الدراسة إلى ربط دور هذه الآلة بين الأصالة الثقافية والمعاصرة الفنية، بحيث تتمكن من التناغم مع التطورات الموسيقية المعاصرة مع الحفاظ على أصالتها.